# باداری

**مامەند جەهانمیهەن**

پاش سێ مانگ زستان و سوورانەوە لە سەرما و سۆڵ و ویشکەبەندی سەرشیوی "سەقز" و "مەریوان"، شەڕ و پێکدادان و، هەڵگەران بە کوێستانەکانی "نەکەرۆز" و "چلچەمە" و "خەسرەوخان"، لە ئێوارەی ڕۆژێکی کلکەی مانگی ڕەشەمەدا بەرەو بناری سوورکێو و ناوچەی بانە ملمان پێوەنا.

بۆ ئێوارەی ڕۆژی دوایی، بە لێواری شەداری جۆگەیەکدا کە دیار بوو تازە لە سەرچاوەوە هەڵبڕابوو، بەرەو کۆخی(x) وەڕێکەوتین، تاریکان کە لە ماڵە خانەخوێی خۆم وەژوور کەوتم، بەسەر شیوی شەودا کەوتم.

من کە لەمێژ بوو بێجگە لە نان و دۆسۆڵ چێژی هیچی ترم نەچێشتبوو و چێشتی گەرمم بە ئەوکیدا نەڕۆیشتبوو، بە ڕەنگ و بۆن و هاڵاوی گۆشتاو بەجارێک گەشامەوە و دڵخۆش بووم.

هەر کە دانیشتم شاکاشییەکی شین گۆشت و شۆرباویان هێنا و لە پێش منیان دانا، لە گەڵ هەر پارووەک کە لێیاندەدا دەیانکوت: ئەو جار چاک کوڵیوە، هەل و پەل بووە، بەزیادیان دەکرد و دەستخۆشیان لە کابانی ماڵ دەکرد.

منیش هەر بە ڕاوێژی دەمی ئەوان دەستخۆشیم کرد و بە چێژی خۆشی چێشتەکەم هەڵکوت و پرسیم ئەوە گۆشتی چییە؟

کوتی: گۆشت ڕێوییە.

پرسیم: بۆ ئێوە لەو ناوە ڕێوی دەخۆن؟

کوتی: بۆ باداری چاکە.

کوتم: بۆ ئێوە بادارن؟

کوتی: نە هەر باداری، بۆ هەموو دەرد و ئازارێک یەکاویەکە.

ئیتر تێگەیشتم و بێدەنگ بووم و زانیم کە باری نالەبار و دژوار و، دەرد و ئازاری هەژاری بە ناچاری تووشی خواردنی گۆشت ڕێویی لەڕ و گەڕ و گەرۆڵی کردوون، بەشە گۆشت و تێکۆشێنی خۆم ماشتەوە و کشامەوە.

شۆڕە ژنێکی شۆخ و شەرمن لە تەنیشت سەماوەرکە دانیشتبوو و چایی تێدەکرد، منداڵێکی چووک کە زیاتر وەک بووکەشووشە دەچوو، لە باوەش گرتبوو، وەک ئەوەی ترسی هەبێت لێی برفێنن، توند بەخۆیەوە نووساندبوو.

دواتر تێگەیشتم کە ئەو ژنە بووکی ماڵە و، شووەکەی کرێباری کردووە و شەوێک لە کرێوە و باڕن دا ڕێگای دەرنەکردووە و هەڵبڕاوە و، لە "ناڵپارێز" گیراوە و وەک دیلی شەر ڕەوانەی زیندانی خواروی عراق کراوە.

شۆڕەژن بە دوو چاوی پەرۆش و چاوەڕوان لە ئێمەی دەڕوانی و دەپاڕایەوە کە ئاودیوی سنوور بووین، سەر و سۆراغێکی مێردەکەی بۆ بگرین.

سەرلەبەیانی چووم بۆ سەر کانی و، شڵپێک ئاوی ساردم بە سەروچاوم دادا و، بەپەلە گەڕامەوە، لەبەر دەرکی حەوشە چاوم بە تولەسەگێک کەوت کە کەوڵی ڕووتاوە و ڕچیاوی ڕێوی بەدەمەوە بوو، ئیتر زانیم کە ئەمجار بەخت لەگەڵم یار بووە و دۆینێ شەو کاکڵە خۆشەکەی وەبەر من کەوتووە.

چەند ڕۆژ دواتر شەوەکی لە سوورکێو تێپەڕین. تا مەودایەکی یەکجار دوور تووشی هیچ ئاوەدانییەک نەبووین، لە یەکەم گوندی ئاوەدان کە لەوێش دانیشتوان چاوەڕوانی ڕاگوێستن بوون، بە ماڵەکاندا دابەش بووین.

ماڵی خانەخوێی ئەم شەوەم لە حەوشێکی گەورە دابوو، سێ برای بە ژن و ماڵ و پۆلێک کچ و کوڕی جەوان، لە دەورەمان هاڵان، بەرەی ئەو سێ برایە هێند وەک یەک دەچوون ، دەتگوت هەموو بە زگێک بوون یان ئاڵوودارن و لەدوای پێوان بە شەقە بڕیوتن. بیرم لەوە دەکردەوە کە تا من جارێکی تر بەو ناوەدا دەگەڕێمەوە، ڕەنگە دوو سێیەکیان لە یەکتر مارە کردبن.

پیرە دایکێکی لاواز و نەخۆش لە پەنا سۆبە بەجێی و بان کەوتبوو، وادیار بوو قەل و داڵی ژیان بەزەییان پێیدا نەهاتبوو و هەر بە

زیندوویی هەموو لەشیان ئاژنیبوو، جارجار ورتە ورتێکی دەهات و دیار بوو لە تاو ئازار قسەی دەبرووزکاند.

زۆری پێنەچوو ژنێکی دراوسێ هات و بزگورێکی لە ناوچاوانی پیرێژن هاڵاند و کلکەتەشییەکی تێچەقاند و دەستی کرد بە سووڕاندن و بادان، بەجۆرێک لە ناوچاوانی توند کردبوو، هەموو ڕەگ و دەماری هەڵتۆقیبوو، جارجار"بسم الله"ی دەکرد و تەکانێکی لێدەدا و ڕایدەتڵەکاند، داپیر دەمرد و دەژیایەوە و زیڕەی دەگەیشتە ئاسمان، هاوسێ بێ ئەوەی گوێی بەم زیڕوهۆڕە بزوێ دەیکوت سەری کەوتووە و دەبێ ڕاستی کەمەوە و بیخەمەوە سەر جێ.

هاوسێ ڕۆیی و ئەوجار پیرێژن لەتاو دەرد و ئازار بە بووکەکانی دا هاتە خوار، هەرچی نەشیاو بوو و بە زاری دا دەهات نەیدەگێڕاوە و خۆی لێنەدەبوارد.

ئەو شەوە من هاوڕێیەکی ژنی دەقنەشکاو و نەڕووشاوی شاریم لەگەڵ بوو، زۆری لەبەر گران هات و بە لاوە ناخۆش بوو، ڕووی لە پیرێژن کرد کوتی : ئەوانە وەک کەنیشکی خۆتن، شوورەییە و دەبێت ڕێزی ژن بگریت و نابێت وایان پێ بێژیت.

پیریژن تۆزێکی لێ ڕاما و دەنگی هەڵێنا و کوتی: ڕێزی چی و نرخی چی، ئێمە بۆ تێهەڵدان نەبێت بۆچی دەبین، ئەوەی ئێوە دەیفەرموون لە "شیوعی"یەکانی خۆشمان بیستوون، من لە

شەری خێڵ و عەشایەردا دوو جار بەدیلیان گرتووم و لە هەر دوو دیوی سنوور زۆڵ و بیژووم هاویشتوون.

چاوم لێبوو کوڕی گەورەی ماڵ کە سۆفییەکی کۆسەی سوور و سپی بوو و ساڵی ڕابردوو لە ڕێگای بیارە وەسەر مین پەڕیبوو و قاچێکی پەڕیبوو، زۆر بەخۆیدا شکایەوە و بە شەرمەوە پرسی: دکتورێک، پەرستارێکتان لەگەڵ نییە شتێکی لە دەست بێت؟

ئاواییم هەموو سەروبن کرد تا کوڕێکی تازەکاری پزشکیارم پەیدا کرد و لە گەڵ خۆم هێنا. پزشکیار کۆلەپشتی دانا و لە سۆفی پرسی:

دایکت چییەتی؟

ژانە سەریەتی!

لەمێژە گرتوویەتی؟

بەڵێ هەر لەگەڵیەتی، بەڵام وەک باهۆز و ڕەشەبا کە هەڵی کرد و سەری هەڵدا تا سێ شەو و ڕۆژ بەریندادا.

پزشکیار دەرزییەکی لە کۆڵەکەی دەرهێنا و لە پیرێژنی دا و ڕۆیی، زۆری پێنەچوو بێدەنگ بوو ، وادیار بوو ئەوجار خەوی لێکەوتبوو.

که له ئاوایی وەدەرکەوتین شەو ڕاشکابوو و درەنگ ببوو، سۆزەی سەرما و ڕەشەبا وەک لێوی گوێزان دەم و لێوی دەگەستین، ئیتر ڕێگا بوو و لەبەر بوو و بێجگە لە پێوانی هیچ ڕێگایەکی تر نەبوو.

#"نەکەرۆز" و "چلچەمە" و "خەسرەوخان" "سوورکێو" ناوی چەند کوێستانی مەریوان و سەقز و بانە.

.## ناڵپارێز: گوندێک سەر بە شارۆچکەی پێنجوێن.

###دۆسۆڵ، دۆسوێر: خەستکراوەی دۆ لەگەڵ خوێیەکی زۆر.

#### بزگوڕ= کۆنەپەڕۆ

##### شیوعی= حیزبی کومۆنیستی عراق

###### بیژوو=بیژی، زۆڵ

#######کۆسە= پیاوێک کە مووی سمێڵ و ڕیشی نەبێت.

.وێنە: لە گووگل وەرگیراوە